www.kurdistannet.org
30-10-2006 7:41بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# کاک (مەریوان هەڵەبجەیی) هەڕەشە دەکا!!! ئەحمەد تازەدێیی

سوید



کاک (مەریوان هەڵەبجەیی)، * (قارچک)، ئاسا لە ماوەیەکی کورتدا هەڵتۆقیزیەوەو ناوی کەوتە نێو نووسەرانەوە، خۆی هۆکاری گەورەکردنەوەی، دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵەی (ئیسلامیەکان)، چونکە وەک خۆی دەڵێت (فتوای) کوشتنیان بۆ دەرکرد، بەڵام (ئیسلامیەکان) نیش بە تایبەتی (کۆمەڵی ئیسلامی)، و (یەکگرتووی ئیسلامی)، و (بزوتنەوەی ئیسلامی)، ئەم ووتەیەی کاک (مەریوان) بە ناڕاست دادەنێن، دەڵێن ئێمە تەنها داوای ئەوەمان کردووە دادگا مامەڵەی لەگەڵ بکات، نەک (فتوای)، کوشتنی بدەین، وە هەمویان بەیاننامەیان بڵاوکردووەو خۆیانیان لەو (فتوا) دانە بێبەری کرد.

زۆرینەی ڕۆشنبیران و جەماوەری ناوخۆی باشوری کوردستان، ئەم بۆچونەی کاک (مەریوان هەڵەبجەیی)، بەناڕاست ومەرامی تایبەتی و گەیشتن بە خەونە ئەرخەوانێکانی دەزانن.

گرنگ نییە کاک (مەریوان هەڵەبجەیی)، ڕاست دەکا (فتوای)، کوشتنی دراوە یان نا، چوونکە ئێستا گیانی پارێزراوە و توانی بە هاریکاری کردنی ئەوانەی کە ژیانی ئەویان لا مەبەست بوو، لە کوردستان هەڵبێتو مافی پەنابەرێتی لە یەکێک لە ووڵاتە ئەوروپایەکان وەربگرێت.

کاک (مەریوان هەڵەبجەیی)، لە نوسینێکی سەرپێیانەدا، بۆ ووڵامدانەوەی ئەو تەزویراتانەی کە لە ڕۆژنامەی (پێگە)، بڵاو کراوەتەوەو، وە لە نووسینێکی تریشدا تۆمەتبار کراوە بەوەی لە ساڵی1986 (جیش الشعب)، بووە، نەیتوانی ئەو هەواڵ و بەڵگەنامانە، بەبەڵگەوە بە درۆ بخاتەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە هەڕەشەی (یاسا) دەکات، هەرچەندە بە جوانی ڕوونی نەکردۆتەوە، ئایا مەبەستی ئەوەیە کە بە پێیی یاسای ڕۆژنامەوانی ووڵامیان دەداتەوە؟، یان بەپێیی یاسا مەمەڵەیان لەگەڵ دەکات و ڕاکێشی بەردەم دادگایان دەکات؟، ئەگەر مەبەستی یەکەمیان بێت کە بەپێی یاساکانی چاپەمەنیو ڕۆژنامەوانی ووڵامیان ئەداتەوە، ئەی بۆ خۆی تا لە کوردستان بوو یاساکانی نووسینی پێشێل دەکرد و ئەم خاڵەی ڕچاو نەکرد؟!، یان کاک (مەریوان هەڵەبجەیی)، فری بەسەر یاساکانی چاپەمەنیو ڕۆژنامەوانی و نووسیندا نییە، ئەگینا دەیزانی کە لە یاساکانی چامەمەنی و ڕۆژنامەوانیدا ئەم سێ خاڵە قەدەغە کراوەو لێپرسینەوەی لە سەرە، ئەگەر کەسێک لە سنوری ئەم یاسایە دەرچێت، ئەوا ئەتوانرێت لە ڕێگای دادگاوە سکاڵای لە سەر تۆمار بکرێت.

1. ئەو بابەتانەی کە ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگا تێک ئەدەن وداب و نەریتی (ئایینی)، و ڕای گشتی بریندار ئەکەن.
2. ئەو بابەتانەی کە ژیانی تایبەتی هاوڵاتیان ئەخەنە مەترسیەوە و ڕێزو کەرامەت و ئارامی خێزانەکان لەکەدار ئەکەن.
3. نهێنیە سەربازیو سیاسیەکان و ئەو بابەتانەی کە سەربەخۆی ووڵات و یەکپارچەیی خاک و ئاسایشی ووڵات ئەخەنە مەترسیەوە.

وە ئەگەر کاک (مەریوان هەڵەبجەیی)، هەرەشەی ئەوەش ئەکات کە بە پێیی یاساکانی ڕۆژنامەوانی و چاپەمەنی نەیارانی ڕەوانەی بەردەم دادگا دەکات، چوونکە ڕێزو کەرامەتی
لەکەدار کراوە، ئەوە مافی ڕەوای خۆیەتی، بەڵام ئەبێت خۆشی، ماف بە میلوێنەها مرۆڤی بەرامبەر بدات کە بەهۆی کتێبی (سێکس و شەرع و ژن لە ئیسلامدا)، پیرۆزەکانیانی لەکەدار کرد.
کاک (مەریوان هەڵەبجەیی)، ئەبوایە ئاگاداری پاش بڵاو بەنەوەی نووسینەکەی بوایە، چونکە جاری وا هەیە، کەردانەوەی خراپ لە لایەن بەرامبەرەوە ڕوو دەدات، وە هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە، یاساکانی چاپەمەنی بوواری زیاد ڕەوی نادات و سنوری داناوە، چونکە جاری وا هەیە بڵاوکراوەیەک ئاسەواری نابەجێ و ناپەسەندی لێ دەکەوێتەوە ودەبێتە هۆی ئەوەی کە توندو تیژی ڕووبدات و ماڵ وێرانی بەدواوە بێت، وە لەئەنجامدا کۆمەڵگا زیان بەخش بێت نەک سودمەند.